حوسێن عاسی کەریم:

# بە (٢٠) بیست هەزار دیناری عێراقی ئەو کاتە توانیم تەنها بۆماوەی (٢٠) بیست دەقیقە باوکم ببینم

دیداری ئەنفالستان
دیمانە: عومەر محەمەد
دیمانە لەگەڵدا کراو حوسێن عاصی کەریم.
هاکارویاوەر : پشکۆ محەمەد رۆستەم.
شوێن : خورماتوو .. ماڵێ جەباری مەلا عەلی.
ڕێکەوت : ٢٠٠٧/٢/٩
کات : ٢ی پاشنیوەڕۆ .



بەنیازی چەند دیدارێکی کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان کە پێشتر ڕێککەوتبووین لەسەری، ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٩ لە شاری سلێمانیەوە کەوتمەڕێ و لە شاری کەلار لەگەڵ هاورێی خۆشەویستم کاک پشکۆ محەمەد رۆستەم بەرەو خورماتوو کەوتینە ڕێ و دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە دوز خورماتوو گیرساینەوە، دوای ئەوەی لەماڵی کاک جەباری مەلا عەلی پشویەکی کورتماندا هەرلەوێ دەستمان بە ئەنجامدانی دیدارەکان کرد، لە یەکێک لەو بەرێزانەی چاومان پێی کەوت حوسێن عاصی کەریم بوو. بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆی ئەنفالکردنی خانەوادەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە و لەگەڵیدا رۆبچینە ناو بەسەرهاتەکانی ئەنفالی ئەم ناوچەیەوە حوسێن تاقانە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان بەر ئەنفال کەوتوون وخۆی بەتەنها مایەوەو هەتا ڕاپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لەماڵی پورێکی ژیانی بەسەر بردو دواتریش بارەگای پێشمەرگە بووە ماڵی ئەو.

لەساڵی ١٩٨٩ دا ئازارەکانی ئەنفال چیرۆکێک بەلاوێکی خەڵکی دوزدەنوسێت و لە گۆڤارێکی ئەوسەردەمەدا بڵاوی دەکاتەوە، چیرۆکەکە خەونێک دەگێڕێتەوە، خەونی دیدەنی میرد منداڵێک بۆ لای باوکە ئەنفال کراوەکەی. لە ساڵی ١٩٩٢ یشدا ئەم خەونە لەلای لاوێکی تری دوزخورماتوو دەبێتە ڕاستی، ڕاستی گەڕانو شۆڕبوونەوەی میعراج ئاسا بۆ ناو سەعیری مەرگەساتی ئەنفال. ئەو مەرگە ساتەی کە ئەم لاوەی وەکو خواوەند تاکو تەنیا کرد. لە نێو لەرینەوەی تالەژێ غەمناکەکانی دەنگی (حوسێن) حسێنی عاصی ئەوسای منداڵو ئیستای لاودا سەدای مەرگی ناڵەکانی (دوبس)م بیست .. لە ناو هەناسە هەڵکێشانەکانیدا هاوارو قیژەی ژنو کچە هەتککراوەکانم گوێ لێبوو.. دەنگێک کە کارەساتی لێدەچۆڕێتەوەو ئێمەی مرۆڤ شەرمەزار دەکات، کە ئێمەش لەگەڵ ئەودا دەڵێین مەحاڵە ئەو کارەسات و تاوانانەمان بیربچنەوە، مەگەر بەمەرگ.

نەفرەت لەو جیهانەی بە بونی وێنەکانی دکتاتۆر قایلە. نەفرەت لەو دوو پێیانەی بە زۆر شوناسی مرۆڤیان دراوەتێ نەفرەت لە ئەنفال. کە شوناسی مرۆڤایەتی دەسرێتەوە. دوای ئەوەی لەدیداری کەریم حوسێن بووینەوە نۆرەهاتە سەر حوسێن عاصی کە بەجلوبەرگێکی کوردی خاکیەوە هاتە بەرانبەرمان وەک ئەوەی تازە لەجەنگ گەرابێتەوە، لەروخساریدا شەکەتی وماندووبوون دیار بوو، بێ ئەوەی من هیچ بڵێم حوسێن تەماشایەکی کردم وگوتی : من ئامادەم .

**دەزانم ناوت حوسێنە بەڵام ئەگەر ناوی سیانیتم پێ بڵێت و خۆت بەتەواوی بناسێنیت.**

حوسێن عاسی کەریم

**کاک حوسێن ئێوە خەڵکی کوێ بوون؟**

وارانی ژووروو.

**کەواتە تۆ خەڵکی دێیەکەی کاک حەمەی ئیسماعیل( هەمەی سمایل)یت ئەوەی لە نوگرەسەلمان هاتەوەو فیراق کوشتی؟**

نا ئەو خەڵک وارانی خواروەو. من نایناسم.

**تۆ تەمەنت چەند بوو ئەو کاتە ئەنفالەکە کرا؟**

١٢ ساڵا بووم

**واتە ئەنفالەکەت بیر دێت؟**

بەڵێ.. باش بیرمدێ

**چەند کەستان ئەنفال کراون؟**

هەشت کەس، دایکمو باوکمو سێ براو سێ خوشک

**ئەی دوای ئەوان تۆ کەوتیتە لای کێ، واتە کێ تۆی بەخێو کرد؟**

١٢ ڕۆژ پێش ئەنفالەکە من بە میوانی ڕۆیشتم بۆ ماڵ خاڵۆم.

**ماڵی خاڵۆت لەچ گوندێک بوون ؟**

لەدێیەکە تەنها دوو ماڵ بوون، جوامێر ئاغای پێئەڵێن .

**کەواتە تۆ لەگەڵ ماڵی خاڵۆت گیرایت ؟**

بەڵێ کە من بە میوانی چوومە ئەوێ، ئیتر ئەو کات هێرشی ئەنفال دەستی پێکردو منیش نەمتوانی بگەڕێمەوە لای دایکمو باوکمو ئەوانم لێ وونبوو، ئیتر هەر لەگەڵ ماڵی خاڵۆمدا گیراین و ڕاپێچ کراین بۆ قۆرەتوو، سێ ڕۆژ لە قۆرەتوو دەستبەسەر بووین، دوای ئەوە لە قۆرەتوو جیا کراینەوە، منداڵ بەجیاو ئافرەتی گەنج بەجیاو پیاو بەجیا، هەموو جیا کرانەوە.

**واتە تۆ کەوتیتە لای منداڵەکان؟**

بەڵێ کەوتمە ناو ئافرەتەکان، ئەوکات تەمەنی من منداڵ بوو.

**ئەی دوای ئەوەم بۆ باس بکە .**

سێ ڕۆژ لەوێ بووین، ئیتر دوای ئەوە کە جیا کراینەوە، هەر هەموومانیان بە ئیڤا گواستەوە بۆ تۆپزاوە،لەوراش سێ ڕۆژ ماینەوە، هەم دووبارە خەڵکەکەیان جیا کردەوە، ئیتر کە جیایان دەکردنەوە ئەشیان بردن مەسەلەن گەنجەکانیان بەجیا ئەبرد، ئەوەی تەمەنی گەورە بووایە، ئیختیارو بەساڵا چوو و ئەمانە بەجیا ئەیان برد، دوایی ئێمەشیان برد بۆ دوبز.

**کە بردیانن ژنو منداڵ بوون یا هەر منداڵ؟**

**نا ، پێشتر بەس پیاووئافرەتە بە تەمەنەکانیان ئەبرد بۆ جیگایەکی تر.**

**نەتان ئەزانی بۆ کوێیان ئەبردن؟**

**نا نەمانزانی، ئێمە بەس منداڵو ژن پێکەوە بووین، بردیانین بۆ دوبز(دبس) نزیکەی پێنج مانگو نیو لەوێ ماینەوە.**

**ئەی لەوێ وەزعتان چۆن بوو؟**

**وەڵاهی وەزعمان زۆر خراپ بوو، لەهەموو باریکەوە خراپ بوو، خواردن و خواردنەوە هیچ نەبوو هەر صەمونی عەسکەری بوو، ئەویش هی دوای خواردنی خۆیان بوو، ئەیانهێنا بۆ ئەو خەڵکە، ئیتر لێدان هەبو، تەعدایان دەکرد لە منداڵ و لەئافرەت، بەزۆری خەڵک ئەمرد، یەعنی مناڵەکان ئەمردن تووشی نەخۆشی ئەبوون**

**تۆ خۆت مناڵت بینی بمرێت؟**

**بەڵێ بە چاوی خۆ دیم**

**ئەوانەی مردن ناوی کەسیانت بیر نەماوە**

**نەوەڵا ئەو خەڵکانە هەموو خەڵکی یەک مەنتیقە نەبوون، هینی جێگاکانی تری تیابوو ئەوە نەبوو هەموو یەکتری بناسین، بەڵام ئەمزانی منداڵ هەر لە برسا ئەمرێتو تا ئەمرێت هەر داوای نان ئەکات، مناڵی بچووک پێی نەئەکرا صەمون عەسکەری ڕەق بخوات لە برسا ئەمردن، نەک یەکو دووان ئەوەندەی من بزانم کە بیستبێتم ٧٠٠٠ کەس بووە بە ژنو مناڵەوە ئەو حەوت هەزار کەسە تاکو گواسترانەوە بۆ قاعەیەکی تر دوو مانگو نیو پێش ئەوەی کە بەرماندەن تەقەریبەن ١٠٠ منداڵ زیاتر مردن لەوێ هەر ئەیانبردو لەگەڵ دایکیان لە دەرەوە، کە نازانم کوێ بوو چونکە دەورو بەرمان سیم بوو، ئەیان ناشتو ئەهاتنەوە.**

**ماڵی خاڵت مناڵی تریان لەگەڵ بوو یا بەس تۆ لەگەڵیان بوویت؟**

**بەڵێ مناڵی بچوکی خۆیان لەگەڵدا بوو**

**کێو کێ بوون؟**

**ئێستا گەورەن، ئەو کاتە زۆر بچووک بوون، ناوەکانیان زانا، بورهان، سروە یە؟**

**واتە تۆ دوای تۆپزاوا نەبراویت بۆنوگرە سەلمان؟**

**نەخێر ئێمە نەبراینە ئەوێ هەر لەدوبز ماینەوە، ئیتر ئەو فەترە لەوێ بووین ئەوەی شتی ناخۆش بێت ئەمانبینی؟**

**شتی ناخۆش وەکو چی؟**

**ناخۆشترین دیمەن من لەبەر چاوم ئەوە بوو، ئاوی بۆری هەبوو منداڵ ئەچون لەگەڵ دایکیان ئاویان ئەهێنا ڕۆژێکیان هەندێک تەواری[1] وەستابوون مناڵەکەیان بانگ کرد هێنایانە لای خۆیان لەبەرچاوی دایکی جگەرەیان دەکردە ناوچاویەوە بە زمانیا تاکو ئەو مناڵە بەتەواوی کەوت گاڵتەیان بەدایکی دەکرد.**

**یەعنی ئەو مناڵەت ئاوا بینی ؟**

[1] پێناچێت کەمپی دوبز تەواری لێبووبێت بەڵام لەبەرئەوەی چەکدارەکانی سەربە دائیرەی ئەمن لەناو بازارەکان و کۆمەڵگاو شارەکاندا بەهەمان جل وبەرگی سەربازی بەڵەکەوە بڵاودەبوونەوەو زۆر بەرچاو دەکەوتن حوسێن هەر بەتەواری تێگەیشتووە، بەڵام هێزی چەکداری ئاسایش کە بەهێزی تەواری ناسرابوون بەکوردی واتای هێزی فریاکەوتن. دەستەی چەکداری بەدکارو درندەی ئاسایش بوون وخەڵکیان ئازاردەدا .

بەلێ وەچاو خۆم بینیم.

**نەتئەناسی..نەتزانی ناوی چیە؟**

نا نەخێر وەکو پێتم ووت ئێمە خەڵکی یەک ناوچە نەبووین بڵێین هەموومان ناسیاوی یەکبین.

**چەندجاربینیت وا لەمنداڵ بکەن؟**

زۆر جار بە قۆناغە تفەنگ لە خۆمیانداوە. جارێک لێمیاندا لەسەر سەیارەکە کەوتمە خوارەوە، ئێستەش برینەکەی بەسەرمەوە ماوە، دوای ئەوەی لە سجنیش دەرچووم بووە برینێکی گەورە بە هەشت مانگ ئینجا چاک بوومەوە.

**ئەوانیش هەر عەسکەر بوون کەلێیان ئەدایت؟**

بەڵێ هەموو قواتی مغاویر بوون .

**ئەی لەگەڵ ژنەکاندا چۆن رەفتاریان دەکرد، بۆ نمونە زۆرجار بیستوومانە تەعدایان کردووە**

بەڵێ شتی وا هەبووە، بەچاوی خۆم بینیوومە کە بردوویانن بۆ تەعدا، بەڵام نەمزانیوە کە چۆن بووە، حەمامێ گەورە هەبوو ئەچوونە حەمامەکە خۆیانیان ئەشۆرد و جلو شتیان ئەشۆرد ئەچوونە سەریانو دیار بوو تەعدایان لە ئافرەتەکان دەکرد.

**یە عنی تۆ ئەو کاتە تەمەنیشت منداڵ بوو، کە ئەتزانی وا تەعدایان دەکرد، تۆ بێتاقەت دەبوویت؟**

ئەی چۆن بێ تاقەتم ناکات؟ ئەوپەڕی بێ تاقەت ئەبووم، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو.

**ئەی ئێستا کە گەورە بوویتو ئەو تاوان وکارەساتانەت هەمووی لەبیرماوە، چۆن بیر لەو ڕابردووە دەکەیتەوەو چۆن ئەو تەعدایانەت دێتەوە پێش چاو؟**

هەموویانم لەیادە، تەعدایەکە هەتا ئەوکاتەی بچینە ژێر خاک لەیادم ناچن.

**بەبروای تۆکێ هۆکاری ئەو تاوانەیە؟**

ئەو ڕژێمە فاشیستەی سەدەیەک، بە هەموو شێوەیەک هەر تەعدای لە کورد کردووە، ئەودرِندانەی بەعس بوون وا تەعدای لێمان دەکرد.

**ئێستا کە لەم دانیشتنەدا تەنها تۆ لە کارەساتەکەدا ژیاویتو بینیووتە تۆ بۆ خۆت لە هەمووماندا زیاتر پشکۆی ئەنفال چزاوە بە ناختدا، ئێستا چۆن سەیری ئەنفال ئەکەیت؟ بۆ نمونە ئەگەر ببینن بێجگەلە کورد میللەتێکی ترسەدان کیلۆمەتر لە دووری ئێمەوە ئەنفال کرا هەستو سۆزت چیە؟**

حەتمەن ئەنفال شتێکی دڵتەزێنە، ناخۆشە، لەناخی هەر ئینسانێکدا بێت شتێکی ناخۆشەو تەعدایە لە ئینسان ئەکرێت و بۆ سەر هەر میللەتێک بێت، بەڵام خۆی وایە ئەوەی کە لەناو واقیعەکەدا بێت زۆر تر تەئسیری تێ ئەکات.

**زۆر ووتراوە لەسەر ئەنفالو زۆر حیکایەتی ئەنفالیشمان گوێ لێبووە، بەبڕاوی تۆ چیبکەین بۆ ئەوەی ژیانێک دروست بکەین کەکارەساتەکانی ئەنفالمان لەبیر بەرێتەوە؟**

کارەساتی ئەنفال قەت لەبیر ناچێتەوە، من وەکو خۆم هەموو دنیام پێبدەیت چۆن لەبیر ئەچێتەوە؟ بە هیچ شێوەیک لەبیرم ناچێتەوە.

**ئەی چیبکەین بۆ ئەوەی کە جارێکیتر تاوان و مەرگەساتی ئاوامان تووش نەبێتەوە؟**

پێویستە هەموو ئەحزابەکانو کورد بەتایبەتی هەموو لەهەر چوار پارچەکەدا یەک بگرێتو بەیەک دەنگو بەیەک ڕەنگ لەم حکومەتی تازەی عێراقەدا داوای هەقی خۆیان بکەنو هەقی خۆیان بچەسپێنن.

**ئەو کاتەی کە لە دبس بوویت چۆن هاتنە دەرەوە واتە چۆن بەربوونو کێ بەریدان؟**

ئەو كاتە ئەوەبوو دواى شەش مانگ صدام خۆى عەفوويەكيدا بۆ كوردو بـۆ ئەوانەى كە لـە شـاخ پێشمەرگە بوونو هاتنەوە تەسليم بوونەوە، ئێمەش لـەو كـاتەدا بەربـووين عەفـووى داو بەربـووينو هاتينەوە.

**واتە پێيان ووتن عەفوات دراوە؟**

بەڵێ، پێمانيان ووت عەفوات دراوە بۆ ئێوەو بەرئەبن.

ئەى هەڵسوكەوتى ئەو عەسكەرانەى كە پێيان ووتن گۆڕا يا هەروا خراپ بوون لەگەڵتاندا؟

نەخێر، نەگۆڕا تائەو دەقەيەشى كە بەرمانيان دا هيچ نەگۆڕا لێدانو تەعزيب هەر هەبوو.

**ئەى هيچ خواردنو شتيشيان بۆ زياد نەكردن؟**

نەخێر.

**ئەى چۆن بەربوون واتە هەر لە حەوشەكە ووتيان بڕۆن خواحافيزتان بێت؟**

نەخێر، كە لەدبس بارمانيان كرد بردمانيان بۆ عەربەت

**عەربەتى لاى سلێمانى؟**

بەڵـێ، شـەوێک لەعەربەت مـاينەوە، ئيتـر هەر كەسـێک گـوايە بـۆ جێگـاو ڕێگـاى خـۆى بـڕوات، هەندێک خەڵكيان لەوێ بەردا ڕۆيشت، بەيانى ئێمەيان هێنا لەناو چەمچەماڵدا ووتيـان بـڕۆن هەر كەس بۆ جێگاى خۆى.

**ئينجا ئێوە كە هێناياننەوە بۆ چەمچەماڵ ئەتانزانى دێكانتان وێران كراوە؟**

نەخێر، نەمانئەزانى تاكو هاتينەوە دواى ئەوە زانيامان

**واتە ئێوە لەچەمچەماڵ چوون سوارى سەيارە ببن بچنەوە بۆ دێكەى خۆتان؟**

نا نازانم ئەو كاتە ئيتر كە بەربووينو هاتينەوە ئەو مەنتيقەيە زانيمان دێكانمان خاپوور كراوە، ئيتر جێگەو ڕێگاى چى؟ بەڵام من تا ئەو كاتە كە هاتمە ئەوێ گوايە ووتم باوكمو ئەوان لە دوز بێت.

**واتزانى ئەوانيش دێن لە عەربەت بەريان ئەدەن؟**

بەڵێ، كە ئەوان لەڕێگەى ئێرەوە برا بوون لەتكريتەوە ڕاپێچ كرابوون.

**ئەى دوايى چۆن زانيت كە دايكو باوكت ئەنفال كراون؟**

كە بەر بووم هاتمەوە لاى ماڵى خزمەكانم زانيم نەماوونو ئەنفال كراون.

**يەكسەر پێيان ووتيت؟**

بەڵێ، شتێكى ئاشكرا بـوو ئـێمە هەر چـاوەڕوان بـووين بەر ئەبێـت، بەر ئەبێـت چـونكە ئەيـانووت بەرئەبن، ئێوە بەربونە ئەوانيش بەرئەبن.

**ئەزانم ماڵى خزمەكەت يەكسەر پێيان ووتيت دايكو باوكت ئەنفال كراون يا بەرە بەرە پێيان ووتيت؟**

**بەڵێ، ووتيان ئەوە ئەنفال كرانەو ئيتر ئيحتيمالە بەربن، يا بەر ئەبن يا بەرنابن.**

**هەتا كەى چاوەڕوانت كردن تاساڵى چەند؟**

ئەوەى ڕاستى بێت تا پرۆسە من لە مێشكو لە ناخى خۆمدا مابوون، هەر چاوەڕوان بـووم، بەڵام دواى ئەوە هەموو ئاشكرايە ئێسكو پروسک لە ناو گۆڕى بەكۆمەڵدا ئيتر چارەنوسيان ئاشكرايە.

ئەى ئەو فەترەيە لەگەڵ كێدا ئەژيايت؟ هەر لەگەڵ ماڵى خاڵت مايتەوە؟

نەخێر، ماڵ خاڵيشم نەما هەرهەموويان ئەنفال بوون.

**ئەزانم ئەوانەى كە لەگەڵياندا بوويت لە دبس.**

که هاتمەوە ئەوانیش بێ ماڵ بوون، ماڵیان نەمابوو، من چوومە ماڵی خزمێکمان ماڵی (محمد حاجی حەمید) لێرەیە، خێزانەکەی خوشکی دایکمە، ئیتر لەگەڵ ئەواندا ژیام هەتاکو سێ چوار ساڵێک، دوای (ئینتیفازە) ڕاپەڕینەکە، ئیتر ووتم من کە کەسم نەمابێ، تازە بە دوای چی بکەوم بۆ لێرە بمێنمەوە ئیتر چووم بۆ کوردستانو بووم بە پێشمەرگە .

**لای کێ بوویت بە پێشمەرگە؟**

یەکەمجار چووم بۆ کۆمیتەی دوز

**ئەی لەوێ لەناو پێشمەرگە وەکو کەسێکی ئەنفالکراو پێشوازیان لێکردیت وڕێزیان ئەگرتیت، یان بەزەییان پیاتا ئەهاتەوە؟**

- بەڵێ زۆر زۆر ئیحتیرامیان ئەگرتم .

**چۆن ئیحتیرامیان ئەگرتیت، ئەیانووت ئەم کوڕە لێقەوماوە ؟**

بەڵێ هەموویان کەسوکارمان ئەناسن ئەوکات مامۆستا مەلا حەسەن بوو مامۆستا مەلا کەریم بوو هەموویان مەسئول بوون مەسئولی کۆمیتەو کارگێڕ بوون، کاک مولازم وەهاب، ئەوە خۆی هەر وەکو منە .

**چۆن وەکو تۆیە ؟**

ئەویش کەسی نەماوە هەمووی ئەنفالکراوە هەرخۆی بەتەنیا دەرچوە .

**تۆلەگەڵ ئەواندا بوویتە پێشمەرگە ؟**

بەڵێ ئیتر ئەو فەترەیە هەرلەگەڵ ئەوان لە بارەگای کۆمیتە ژیام.

**ئەوانیش هەموویان کەسوکاری ئەنفالکراوان بوون؟ واتە کەسی تیابوو وەزعی وەکو تۆ بێت؟**

بەڵێ، هەموویان کەسوکاری ئەنفالکراوان بوون ئەی نەمگوت ئەوە مولازم وەهابە هەر وایەو مامۆستا مەلا کەریمیش هەموو خێزانەکەی ئەنفال کراوە، گشتیان کەسوکاریان ئەنفالە.

**ئینجا لەوێ هەستت کرد سەرپەنایەکت هەیەو بێکەس نیت؟**

بەڵێ، حەتمەن وایە هەموویان زۆر ڕێزیان لێگرتم، ئیتر لەو فەترە زەمەنییەدا کە لە کۆمیتە مامەوە نازناوەکەشم کە هەر بە کۆمیتەوە بوو، پێیان ئەووتم حوسێن کۆمیتە.

**بۆچی وایان پێت دەگووت ؟**

لەبەرئەوەی هەر لەکۆمیتەبووم وماڵیشم هەرئەوێ بوو .

**با بگەڕێینەوە بۆ دێیەکە، کە لەوێ گیران لە کوێ خاڵتو ئەوان پیاوەکانیان لە ژنەکان جیا کردەوە؟ لە قۆرە توو؟**

یەکەم جار لە قۆرە توو جیایان کردنەوە، بەڵام هەر بەدوای یەکا هاتن، بەڵام هەرکە گەیشتنە تۆپزاوە ئیتر بە یەکجاری جیایان کردنەوەو بران.

**کێ ئێوەی گرت، جاش بوو سوپا بوو؟**

هەمووی جەیش بوو

**جاشت نەبینی؟**

نەوەڵا لەو سنوورەی ئێمەدا جاشم نەبینی، نازانم ئەو کات چۆن ئەو خەڵکە ڕۆیشتنو بە چ شێوەیەک چونکە من لەگەڵ ماڵی خاڵۆمدا بووم، ئیتر خەڵکەکە هەمووی بەیەکجار ڕۆیشت لە دێیەک هەبوو (هەوارە قووڵە) نازانم لە هەوار قووڵەوە ڕۆیشتن یان قۆرەتوو حەتمەن خەڵکەکە واتێگەیشتووە لەوێش پروپاگەندە کراوە کە بێنو تەسلیم بنو شتتان بۆ ئەکرێت، هەرکراوە حەتمەن

ئەوەی بەرنامەی بەعس بووە دایڕشتووە پڕوپاگەندە بکەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە خۆی بێتە بەردەستیانو بەئاسانی لەناویان ببەن.

**دوای ئەوەی کە حکومەتی بەعس ڕووخاو صەدام گیراو عەلی حەسەن مجید گیرا ئیتر چاوەڕوانی چیت دەکرد هەستت دەکرد کە ئەمانە مەحکەمە ئەکرێن خۆت ئامادە دەکرد بوو کە بۆ ئەوەی بچیت تۆڵەی خۆتیان لێبکەیتەوە؟**

بەڵێ خۆم ئامادە کردبوو

**ئەی کەس لێیپرسیت؟**

ناوەڵا هیچ کەسێک نەیپرسی وەرە با بچین.

**ئەی چۆن سەیری دادگاکە ئەکەیت، واتە بەدڵتە؟**



بەڵێ بەدڵی منە، بەڵام ئەبوایە صەدام حوسێن بمایە تاکو ئەخیر بۆ ئەوەی لەسەر ئەنفالیش مەحکەمە بکرایە بیزانیایە کە ئەمەی کردووەو دوای ئەوە هەموویان ئیعدام بکرانایە.

زۆرکەست بینی چوو بۆ دادگا کە شایەتیدا ئەوانەش وەکو تۆ کەسوکاریان ئەنفال بووەو دایکو باوکیان ئەنفال بووەو کوڕیان ئەنفال بووە، کە سەیری شایەتیەکانت دەکرد هەستت نەدەکرد تۆ لەوێ بوویتایە شتێکی ترت هەیە بیڵێت یان شایەتییەکان بە لاتەوە زەعیف نەبوو؟

وەڵاهی هەندێکیان بەڕاستی شایەتییەکانیان باش بوو بەڵام بەو شێوەیە نەبوو کە لە ناخو دڵی مندایە حەتمەن هەرکەسێ بێت ئەڵێت خۆزگە خۆم بووایەم بەرامبەر صەدامم بگرتایە.

**ڕاستە هەمووکەسوکاری ئەنفال ئارەزووی کردووە بچێت و قسەی دڵی خۆی بکات کاک حوسێن با بگەڕێینەوە بۆکۆمیتە، بۆ نمونە تۆ مەسئولێکت کەسوکاری ئەنفالە ڕەفیقی پێشمەرگەت هەیە ڕەنگە کەسوکاری ئەنفال بێت خۆشت کەسوکارت ئەنفالە هەست دەکرد کەسوکاری ئەنفال زیاتر ڕێزیان لێئەگیرێت یان کوڕە مەسئولێک؟ هەستت بەم جیاوازییە دەکرد**

نەخێر ئەو جیگایەی کە ئەڵێم کۆمیتەی دوزبوو

**کۆمیتەکەنا، ئەزانم کۆمیتەکە وەکو ماڵێک وابووە بۆ تۆ، من بە ناوی خۆمەوەو بوناوی گۆڤارەکەشەوە سوپاسیان ئەکەم، ئەوەنا بۆنمونە لە دەرەوەی کۆمیتەکەی ئێوە.**

تەبعەن من لە کفرییدا بووم حەتمەن ئەوەی لە نزیکەوە بمیناسیایە چیمو کارەساتێک وا هاتووە بەسەرمدا حەتمەن خۆشمی ئەویستو ڕێزمی ئەگرت.

**ساڵی ١٩٩٣ کە تۆ بوویت بە پێشمەرگە لە کۆمیتەی دوز شتێکی وا هاتۆتە بەرگوێ گوایە لەساڵی ٩٢ لەڕێگەی کەسێکەوە تۆ چوویت ئەنفالەکانت بینیووە، شتی وابووە یا ئەمە دروست کراو بوو؟**

شتی وابوو، بەڵام من ئێستا هەرچی بڵێم ئەنفال نەماو تازە ڕۆیشت.

**چۆن بینیتن؟ ئەزانم ڕۆیشت بەڵام ئێمە بەدوای ئەوەوەین کە سەرە داوێک هەر چەندە بچووکیش بێت بیدۆزینەوە، مەسەلەن ئێستا من قەناعەتم وایە خەڵک هەیە لە ئەنفال ماوە؟**

من ئەو کات لێرە لە دوز سەعاتچی بووم لەڕێگای کابرایەکەوە چووم نازانم ئیستیخبارات بوو یا موخابەرات بوو، کابرایەک لێرە تورکمان بوو وابزانم ئێستا مردووە، پرسیاریشم کرد

**ناوی سیانی چییە؟**

ناوی حاجی کەریم بوو مردووە، لەڕێگەی پیاوێکی ترەوە هاتوچۆی دەکرد منیش پێم ووت ئاوامەو کەسم نەماوە، ئەمە لە ساڵی ٩٢ بوو، ووتی ئەم پیاوە ئەزانێت ئەنفال لە کوێیە، منیش بەڕاستی بڕوام نەدەکرد، ئەمووت شتی وانییە کێ ئەڵێت ئەنفال ماوەو لەوەیە پارەم لێ بسەنن، ئیتر ووتم باشە من کەسم نەماوە بزانم نیشانێک شتێک بێنێت کە ئەو ئەچێتە لای ئەوکەسەی کە لەلای سجنە ئیتر من ناوی باوک خۆم پێووت، ناوی باوکم ئەوەیەو ساڵی ئەوەنە ئەنفال کراوەو ئەو وەزعە، ئەو باسی ئەو سجنەی دەکرد زۆر گەورەیەو سجنی تریشی تیایە بەڵام ئەنفالیش براوەتە ئەوێ، ئیتر ئەو پیاوە ڕجای لەو پیاوە کرد ووتی ئەگەر ڕاست ئەکەیت باوکی ئەمە ماوە بیبە بۆ لای، ئەویش هاتەوە ووتی باوکت وایە دگانی ئاڵتوونە دەستێکی شکاوە، منیش ئیتر بڕوام پێکرد.

**ئینجا ڕاست بوو واتە ددانی ئاڵتون بوو؟**

بەڵێ، بەڵێ من پێت ئەڵێم چوومەتە لای باوکم ئەو کاتە لە ١٩٩٢ باوکم بە چاو خۆم بینیووە، لێرە دەرچووین، چووینە لای حی صناعەکەی کەرکوک، ئەوکات ئەوەندە شارەزاییشم نەبوو لەڕێگەو بان، لەوێ ئیتر سەیارەیەکی دەبلا هات ئەو پیاوەم ناسیو لەگەڵ کوڕەکەیا هاتن ئەو کات بە پارەیەکی زۆریش منیان برد پارەم پێیاندا.

**چەند بوو؟**

بیست هەزرا دینارم پێیاندا، ئەو کاتە زۆر زۆر بوو لەڕێگە یەکێکی ترەوە ئەو پارەیەشم دەست کەوت، کە سوار سەیارەکە بووم لەوێ ووتی: ئەبێت چاوت ببەستمەوە. ووتم: ئەگەر بۆ کوشتنم ئەبەن، بمبەن بۆ کوشتن، ئیتر بۆ چاوم ئەبەستنەوە.ووتی: نا ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە ڕێگاکە نەزانیت. ووتم: باشە.ئیتر لەگەڵیانا ڕۆیشتم تەقریبی دەور سەعاتێک، سەعاتو نیوێک ئەبێت بە ڕێگادا ڕۆیشتین. کاتێک کە چاومیان کردەوە لەناو جەمەلۆنێکی چینکۆدا بووم.

**بە بۆچوونی تۆ چەنێک ڕۆیشتن؟**

بە عەقڵی خۆم سەعاتێک، سەعاتو چارەکێک لە سەعاتو نیو تێپەڕی نەدەکرد، هەندێکیش بەسەر زیخدا ڕۆیشت، هەستم پێ دەکرد، لەناو ئەو جەمەلۆنەدا چاومیان کردەوەو بە مەصعەد چوومە ژێر ئەرزەوە، لەوێ غورفەیەکی بچوک بوو، کوڕەکەشو ئەو پیاوەش لەگەڵما هاتن، لە غورفە بچوکەکەیا گۆڕیمیان، بەرگێکی زەیتونیان کردە بەرم (بەرگ کوڕەکە)، ووتیان بڕۆ باوکت لە ژووری ژمارە ١٠٤ ە، هەمووی ژێر عەرز بوو، منیش ڕۆیشتم فیعلەن وابوو.

**واتە بینیت؟!!**

بەڵێ بەچاوی خۆم بینیم.

**تۆ باوکی خۆت بینی؟**

بەڵێ بینیم.. بەڵام شتەکان کە وای لێهاتووەو ئەو هەموو خەڵکە ئەنفال کراوەو یەعنی هەندێک خەڵک هەیە بڕوا ناکەن، منیش شتەکە حەز ناکەم ئەوەندە چونکە جاری پێشووش کە چوومە کوردستان لەساڵی ١٩٩٦بوو عەینەن موقابەلەمیان کرد، پێموایە خەڵک زۆر بڕوابەم چیرۆکەی من ناکات، بەڵام ئەوە واقیعەکەیە.

**منیش ئێستە ئەم قسەیەم بەلاوە غەریبە، باشە دوای ئەوەی کە بینیت؟**

دوای ئەوەی کە بینیم نەمتوانی هیچ قسەیەک بکەمو هیچ بڵێم بەس ئەگریام.

**یەعنی بەیەکەوە قسەتان نەکرد؟**

بەڵێ، قسەم کرد ئیتر هەندێک شتی پێم ووت، فلان کوژراوەو فیسار کوژراوەو ئاواکوشتویانن یەعنی باسی ئەوەی دەکرد ڕۆژ بەڕۆژ لێیان ئەبەنو ئەیانکوژن.

**خەڵکی ترت زۆر بینی لە ناو جەمەلۆنەکەدا یان بەس باوکت؟**

نەخێر ژێر زەوی بوو، هەمووی ژوور ژوور بوو، دەرگای شەش حەوت کەسی تیابوو، تاکو هەندێک خەڵکیش ( نازانم خەڵکی توکنو عەزیز قادر بوون) پێمیان ووت بە کەسوکارمان بڵێ ماوینو یەکێک خەڵک ئاوایی خۆشمان لەگەڵ باوکما بوو تا ئەو دەقەیە، ئیتر ئەو جەمەلۆنە خەڵک تریشی تیابوو.

**جلوبەرگی چۆنیان لەبەرا بوو؟**

جلو بەرگیان هیوا هەبوو شەرواڵاو هی وابوو دزداشەیان لەبەر بوو، ڕیش درێژو باسی ئەوەیان دەکرد خۆر زۆر بەکەمی ئەبینن.

**دوای ئەوە بە هەمان ئۆتۆمبیل هاتیتەوە؟**

بەڵێ، تەقریبەن هەر نیو سەعات، بیستو پێنج دەقیقە لەلای بووومو لە نەفس شوێنا چاومیان بەستەوەو هێنامیان لە نەفس شوێنا دامیاننا.

**واتە ئەو کابرایەی کە بوو بە نێوانکارت ئێستە مردووە؟**

بەڵێ.

**ئەی کەسو کاری، کەسی نەماوە؟**

نا نایان ناسم وەکو پێویست.

**ئەی کە چوویت بوویت بە پێشمەرگەو ئەمەت باس کرد کەسێک نەبوو سۆراغ بکاتو بگەڕێت بەدوای ئەم مەوزوعەیا؟**

بەڵێ، برادەرانی خۆمان لەو کۆمیتەیە زۆر پرسیاریان لێکردم.

**بۆ نمونە ئەوانەی عەزیز قادرو توکنو ئەوانە، ناویانت نەزانی؟**

نا، من پێت ئەڵێم نەمتوانی، یەعنی شتەکە زۆر بەلامەوە غەریب بوو، هەستی ئەوەم نەبوو گوێ بگرم.

**کارەبای هەبوو؟**

بەڵێ کارەبای هەبوو.

**واتە کارەبا هەبوو کە چوویتە خوارەوە؟**

بەڵێ.

**باشە تۆ ووتت ئێستا من هیوام نەماوە بە باوکم، ئەم کارەساتە کە بوو بەزۆری لە ساڵی ١٩٨٨ ١٩٨٩ بوو کەواتە سێ ساڵ دوای ئەوەی کە بڕیاری بەکۆمەڵ کوشتنی ئەنفال کراوەکان دراوەو بەڵکو**

**کوشتنیان ڕاگیراوە، واتە تۆ ساڵی ٩٢ ئەوەت بینی، ساڵێک کە کوردستان ئازاد کراوەو هێشتا حکومەتی بەعس لەدەسەڵاتدا ماوە ئەی بۆ هیوات نییە کە ئێستەش ماوە؟**

(ئەمەل ) هیوام نییە چونکە ئەو قسەیەی کە لە زاری ئەوان بیستوومە ئەو باسە کە ئەوان ئەیانکرد یەعنی ئەوەنییە بەیەک ڕۆژ هەر هەموویان کوژرابێتن، بەبەرنامە کوژراون.

**ئەی تۆ بەباوکت نەووت باوکە چیت بۆ بکەم بۆ ئەوەی کە لەم وەزعە نەجاتت بێت؟ یا ئەو هیچ ڕاسپاردەیەکی پێ نەوتیت بۆنموونە بە کاک جەبار بڵێیان کاک مەلا کەریم بڵێ ئەوەم بۆ بکەن؟**

هیچ، ئەوەی من پێت ئەڵێم من بەس ئەگریامو ئەویش ئەگریا، هەندێک شتی پێم ووت مەسەلەن فڵان کەسیان بردو کوشتیانو...

**کێ بوو ئەو کەسانە بۆ نمونە ناوی کێ؟**

یەکێک لەوانە کە مامەی خۆمە لەگەڵیا بوو باسی ئەوەی دەکرد ئەیووت بردوویانەو کوشتوویانە، ئەوەی کە لەلای ئەوان براوە کوژراوە.

**بەپێی ئەو قسانەی تۆ بێت ئەبێت ئەو خەڵکە هەرلەنزیک کەرکووک بووبن؟**

نازانم، منیش پێم وایە هەر لەو نزیکانەن.

**ئەمەی کە تۆ باسی ئەکەیت زۆر شتێکی تازەیە بەلای منەوە بەڕاستی، تۆ باسی ئەوەش ئەکەیت کە خەڵکیترچاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم، من ئەمەوێت پرسیارێکت لێبکەم، ئەو شوێنەی کە سەرکەوتیتو دابەزیتەوە ماوەکەی چەنێک ئەبوو؟**

بڵێم چی بەڕاستی ناتوانم تەحدیدی بکەم، چونکە ئەوکاتە ئەوەندە ترس لە گیانما بوو ناتوانم بڵێم چۆن بووەو چەنێک دابەزیومە بۆ ژێر عەرز.

**بۆ ترس لە گیانتا بوو؟ تۆ پارەت نەداوە؟ هەڕەشەیان لێکردیت بۆ نمونە بڵێن ئەوە بکەو ئەوە مەکە؟**

نەخێر بەڵام هەرباوڕوام نەبوو هەتا ئەو دەقە کە گەیشتمەلای، دوای ئەوەش کە دەرچووم زۆربە مەشغوڵیو بە ئەوانەوە یەعنی مێشکم چوو بە بارێکی ترا نازانم .

**ئەی کە گەڕانیانیتەوە لە کوێ چاویان کردیتەوە؟**

لە هەمان شوێندا کەپێت ئەڵێم لای (حەی صناعە)ناوچەی پیشەسازی کەرکووک، ووتیان بڕۆ خواحافیزت.

**بە مەزەندەی خۆت نێوان ناوچەی پیشەسازی و ئەو شوێنەی کە چوویت سەعاتو نیوێک ئەبوو؟**

بەڵێ

**باشە کە تۆ چوویتە ژوورەوە باوکیشت ئەیزانی کەکوڕەکەی ئەبینێ؟**

بەڵێ، پێیوترابوو

**نەیووت چۆن پێیان ووتووم بۆنمونە من دەمێکە خۆم حازر ئەکەم کە تۆ ببینم ؟**

با پێی ووتم : پێمیان ووتووە ئەو کوڕەت کە ماوە دێت بۆ لات.

**ناوەکەشتیان پێووتبوو؟**

بەڵێ، ئەمەی کە من پێت ئەڵێم زۆری خایاند، ناونیشان بێنەوبێو لەگەڵ ئەو کابرایە. زۆرم محاوەلە کرد ماڵو عنوانی ئەو کابرایە بزانم بەڵام بەهیچ شێوەیەک پێمی نەووت.

**ووتت تورک بوو یا عەرەب بوو؟**

پێم وایە تورک بوو، هەموو زمانەکانی ئەزانی، هەموو سەری سپی بوو.

**کابرا سەری سپی بوو؟**

بەڵێ  سەری سپی بوو.

**باشە ئەو کاتە تۆتەمەنت ١٦،١٧ ساڵ بوو، چۆن ئەو بیست هەزار دینارەت بۆ هەڵسوورا؟**

لەو فەترەیا بیست هەزار دینار زۆر بوو، بەڵام لەو فەترەیەیا پێش ئەوەی بچینە ئێران ئیشم دەکرد لە بازاڕا، شتم ئەفرۆشت وەکو پاکەتو ئەمانە، ئەو وەختە شەڕەکەی کوەیت هاتە سەرا ئەشیایەکی زۆر زۆر هەبوو پێش ئەوە بە هەرزان کڕیبووم، کە هاتینەوە زۆری مابوو پارەیەکی زۆری کرد شتیش گران بوو بۆ نمونە پاکەتو ووردەواڵەو سەعاتو، زۆر فەرقی کرد لەگەڵ ئەو ڕۆژەداو  بووم بە خاوەن ئەو مەبلەغە پارە .

**باشە ئەو کابرایە کە ئەو چاکەیەی لەگەڵتا کردووە لە بەرامبەر لەحزیەکی بینینی  باوکتا  بیست هەزار دینار هیچ نییە، ئایا ئەم کابرایە بەزەیی پیاتا ئەهاتەوە چۆن هات بەخەیاڵیا ئەم چاکەیە لەگەڵ تۆدا بکات؟**

پێت ئەڵێم  لەگەڵ ئەو کابرایە عیلاقەی هەبوو لەڕێی ئەو کابرایەوە منیش ڕۆیشتم، ئیتر نازانم بڵێم بەزەیی هات پێما بۆ پارەکە بردمی؟ حەتمەن ئەو پارەیەش تەماحێکە بۆ ئەو بەشەرە.

**ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا تۆ توانیووتە بیست هەزار دینا بدەیت لە کاتێکا تۆ گەنجێکی لێقەوماوبووی کەسوکارت نەماوە پێویستت بەوەیە پارە کۆبکەیتەوە بەڵام ئامادە بوویت ئەو بیست هەزار دینارە بدەیت، تۆ توانیت ئەمە بکەیت ئەم بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیەو زۆر چاکت کردووە، بەڵام تۆ چۆن خۆت نەتتوانی بایی ئەوەندەخۆت تۆکمە بکەیتو خۆت کۆبکەیتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ماوە کەمەدا چی بە باوکم بڵێمو چی بهێنمەوە؟**

وەکو من پێت ئەڵێم ئەوە شتێکی سەیرە، سەیر بوو لە لام ..ووتم بڵێی ئەمە ڕاست بکات؟ من تەسەور خۆم وابوو بمبات لەگەڵ ئەوا سجن بم الی الابد، ئەو قسانەی ئەو ئەیکردو ئەو مواصەفەتان بڕوام پێیکرد، ئەوە نەبوو من بەرنامەیەک دانێم

**ئەو  پێشتر تۆی ئەناسی؟**

پێت ئەڵێم لەڕێکەی ئەو پیاوە وە منی ناسی

**ببورە مەبەستم کابرای دۆستەکەتە بابڵێین تورکمانەکە دۆستایەتیتان  چۆن بوو؟**

پێشتر لە وەختی خۆیا مامەی باوکمی لە دێکە ئەناسی لەئاوایی خۆمان عیلاقەی هەبوو

**ئەم کابرا تورکمانە باوکتی دیبوو؟**

**نا باوکمی نەدیبوو**

**ئەی چۆن  ئەو وێنەیەی بۆ تۆ هێنایەوە چۆن زانیو هاتەوە ووتی ئەمە باوکتە؟**

ئاخر من پێم ووت ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەیت ئەچیتە لای سجنەکان من باوکم ناوی فلانە خەڵکی دێی وارانی ژوورە، مواسەفاتم پێی نەدا، ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەیت بڕۆ مواسەفاتیم بۆ بێنە مەمنویشت ئەبم چیشت ئەوێ لەدنیایا بۆت ئەکەم.

**ئەم کەیسە بۆ باس نەکراوە بۆ ئەوەی لە ئەنفالدا باس بکرێت؟ چۆن شکاتت نەکرد؟ چۆن لە دۆسیەی ئەنفالدا نەبوویت؟**

نازانم  کەس پرسیاری لێم نەکردوە تاکو من بچم

**کابرا دوکانەکەی ماوە؟**

نەوەڵا ئێستە خۆی نەماوە

**ئەزانم خۆی نەماوە، کوڕێکی لەسەردوکانەکە مابێ؟**
فرۆشراوە پرسیارم کرد
**تۆ دڵنیایت ئەو کاتەی چوویتە خوارەوە بەمەصعەدە چوویت؟**
بەڵێ، بەڵێ کارەبایی بوو
**لێرەکەگەوتیتەڕێ بەکەست نەووت لە خزمەکانت؟**
نەخێر بەکەسم نەووت
**دوای ئەوەی کە هاتیتەوەو تائەوکاتەی لێرە مایتەوە بەکەست نەووت؟**
تەقریبەن دوای ساڵێک خەڵک زانی پێم، خەڵک کەوتنە گومانەوە لێم ئەهـاتنە گیـان ئەو مـاڵەی لە ماڵیان بووم ئەیانووت ڕاستە ڕۆیشتووە؟
**چۆن خەڵک پێی زانی؟**
باسم کرد بۆ پیرە ژنێک خزم خۆم
**ئەو ژنە ماوە؟**
بەڵێ
**ئەو کەسەی کەیەکەم کەس بوو لای باست کرد ناوی چی بوو؟**
دایک خێزانەکەمە، ئێستە لەگەڵ خۆماندا ئەژێیت.
**هەر بۆ ئەوت باس کرد؟**
بۆ ئەوو بۆ مامەیەک باوکیشم؟
ئەویش ماوە؟
نانەخیر ئەو عەمری خوای کردووە .
**سوپاس کاک حوسێن**
سوپاس بۆ تۆ
**قایلیت ئەم دیدارەی من وتۆ بڵاوببێتەوە ؟**
بەڵێ بەڵێ بابڵاوببێتەوە .